# لە باخچەی ڕەنگیکا بستێکم بدەنێ تیا بڕوێم

شیعری: بەرزان هەستیار
ئەڵمانیا
حوزەیران و تەمووزی٢٠٠٣

bhastiar@yahoo.de

(کاروان عومەر کاکە سوور )لە کتێبی(مناڵییم ئاسکێك بوو بەسەر پەلکە زێڕینەکاندا بازبازێنی دەکرد)دا دەڵێ: ماڵی کابرایەك هاتە کۆڵانەکەمانەوە، ئەم پیاوە سالآنێك بوو کچێکی بە ناوی(فایزە)وە خۆش ویستبوو،بەڵام نەك هەر فایزە نەبووە خێزانی بەڵکو باوك و براکەی لەسەر ئەو مەسەلەیە لە قوتابخانە دەریان هێنابوو ،شەویش بە خەوتوویی خنکاندبوویان،جا لەبەر ئەوەی (عارف تاڵەبانی) نەیدەویست باوەڕ بە مەرگی (فایزە)بهێنێت،بۆیە بە خەیاڵ کردبویە هاوسەری خۆی وهەر بە خەیاڵیش چەند منداڵێکی لێی هەبوو ،هەمیشەش واقسەی لەگەڵ (فایزە)و منداڵەکانی دەکرد وەك ئەوەی بەڕاستی پێکەوە دانیشتبن........عارف تاڵەبانیی لە حەفتاو چواردا یەکێك بوو لە پێشمەرگەکانی هێزی ڕزگاریی وشەهید کرا،پاش خۆی ژنێکی گەنج و چوار منداڵی هەتیوی بەجێ هێشت!!!!!!!!.

(بەعەشقە پڕفانتازیاکەی عارف تاڵەبانیی و فایزەو هەرچوار منداڵە هەتیوەکەیان پێشکەشە.)

شە پۆلێ لە حوزن پەی دەر پەی ئەمباتەوە سەر
قەوزەی کەنارە لووسەکان
پێم لە پەلکی یادگارێ ئەخلیسکێ و
تورِم دەداتە بەر دەرگای کەونە خەمێ
مەددە هاوارە ، پڕ جامێك لەئاوی ئەو تەمەنەم پێ بدەوە
کە قومرییەکان باڵیان لە من قەرز ئەکرد بۆ فرین
بزانە بەشی چەند سەدەم ئەکات!!

********

هەمیشە بە دەستێك ختووکەی



ئەو ڕۆژە مەراق بردووانەی خۆم ئەدەم
بێهوودە چاوەڕێی شتێك بوون
لە باخچەی ڕەنگێكدا بستێكیان بداتێ تیا بڕوێن
داوێنی گوڵێكیان ئەگرت تا هیچ نەبێ
قردێلەی بۆنێكیان لەقژ دات...
بۆ ئەوەی لە پیاسەی تەمەندا قۆڵ بکەن بەقۆڵی
تاڵێ لە تریفەو تەلێ وەنەوشەدا،
مەدەد هاوارە،
هەورێكم پێ بدە نسێ بێ بۆ سەری
ئەو ساتە سەیرانەی
سەیوانێ نەبوو بۆ
كڕبوونی عاتیفەو غوبابیی عیشقێك تا
بای باڵی خۆی بدا؛
بڕوانن، من تازە زات ناكەم ئاوڕێ بەمەوەو
ڕۆژانێ ببینم، ساكەدەشت
تەمەنێ سەرا پا كێڵگە بێ بۆ پێك نەگەشتن و
دەست بێ بۆ ماڵئاواكردن و
بزربوون بەرزبووبێتەوە
********

نە دڵۆپێ باران لە سیمای ژێر تەمی پەڕاگەندەیی من ئەگەشت و
نە چەمێك لە گوڵاو هەرێزی وشك بووی ئاهێكی بۆ پاراو ئەكردم
ئەڕۆشتم وەك ئەوەی سەرابێ كێشم كا
ئەڕۆشتم من هەر خۆم لەنەسلی ئاوبووم و كەچی
خەرمانی هەناوی (فایزە) نێڵە نێڵ ئەسووتاو
نەمتوانی بڕژێم،
مەدەد هاوارە، پڕجامێ لە عەتری عیشقەكەی ئەوم پێ بدەوە
بزانە خەراباتی چەند سەدەی پێ ئەكەم بە گوڵجاڕ
**********

بەر لەوەی بێمە لات بەكەناری ڕووبارەكانا پیاسەم ئەكرد



بۆیە کە سلاوم لێ ئەکردی یەکپارچە تەڕبوونم لێ ئەچۆڕا
ئاخر من نەمئەتوانی بچمە باخێ شەوبۆوەو
کەچی گۆرانییەکی وشك بم،یان
پرژەی شەپۆلێ وەك دەسماڵی عیشقەکەی تۆ
تەڕتەڕی نەکردبمەوە بۆ ڕامووسانێ
جوان نەبوو، نا، سەوزبوون شەلاڵی نەکردبم لە خۆی و
لە سێبەری بییە چەمیلەیەکدا ڕاکشێم
سەیر بوو گوڵەکەم ،سەیر،
لەسای پەلکە گیایەکی بۆندارا هەرزاڵێکمان بۆ عیشق چێ کرد
هەرزاڵێك پڕ عەتری ماچ وپڕ پەپوولەی ڕەنگاوڕەنگی هەناسە
کەچی...............!
مەددە هاوارە،هەر تەنها پەپوولەیەك،
بهێنەرەوە ژێر سایەی ئەم کولبەی ئەحزانی دڵەم؛
ئەو حیکایەتە برینداراانەمان پێ بدەوە
کەلەسەنگەرەکانی عیشقا لەشکری ئەشقیا پێیان جێ هێشتین
بماندەوە،ئیدی ئێمەو ئەم خەراباتی وجودەی ئەوان کوجا مەرحەبا
بەڵێن بێ، بە خۆمان وجەستەی خوێناویی حیکایەتەکانمانەوە
سەری عیشق لە جانتای سەفەریکمانا هەڵگرین ،
سەفەرێك لە هەگبەی ونبوونا و
ونبوونێك لە سیلەی فەنابوونەوە،
فەنابوونێك شکۆفە لێوەی سەر بکا....
لەسەر بستێ لە خاکی ئەو ڕەنگانەی
خۆمان نەبێ کەس نەیدیین....
خۆمان نەبێ، کەس بەشێفۆنی ناسکیان نەخەوتبێ..